ئەستێل ئینسایت
ASTELL INSIGHT

# قەدبڕێک بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ

## (فەرمانێکی ناوچەیی بۆ کۆنترۆڵی هەمیشەیی ئێران)

دەینا سترۆوڵ

کاروباری جیهانی • ناوەندی Foreign Affairs



# قەدبڕێک بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێ

(فەرمانێکی ناوچەیی بۆ کۆنترۆڵی هەمیشەیی ئێران)


**دەینا سترۆوڵ**



Foreign Affairs

ئاپریلی 2025

وەرگێڕان: ئەستێڵ ئینسایت

کاروباری جیهانی

ڕێژیمی ئێران لە دۆخی بەرگریدایە، لە ناوخۆی وڵاتدا بێهێزترە و (ئەم دۆخەی) لە دەرەوەی وڵات، زیاتــر لە هەمــوو کاتێک لە دووای شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە ئــاشکراتــر دەرکەوتــووە. پێش هێرشی حەمــاس لە 7ـی ئۆکتۆبــری 2023 بۆ سەر ئیسرائیڵ و شەڕی فــرەلایەنەی دوواتــری ئیسرائیڵ دژی بەرژەوەنــدییەکانی ئێران، وەبەرهێنانە بەرفــراوانەکانی ئێران لە جــبەخــانەی مــووشەکی و بەرنــامەی چەکی ئەتۆمی و تۆڕی پرۆکسیە نــاوچەییەکانی، ســتراتیژی ئەمــریکای بەرەو ڕۆژهەڵاتی نــاوەڕاســت بە شێوەیەکی بەرچــاو سنووردار کردبــوو. شرۆڤەکارانی سیاسەتی ئەمــریکا کە سەرنجیــان لەسەر ئێــران بــوو، جیاوازی بیروڕایــان هەبــوو لەسەر ئەوەی کە چ تێکەڵەیەک لە ئامرازەکان دەتوانێت بە شێوەیەکی کاریگەر بۆ دەستدرێژییەکانی ئێران بەربەست ســاز بکات، بەڵام بەگشــتی شرۆڤەکاران هــاوڕان لەسەر ئەوەی ئەگەر بەتــونــدی پــاڵ لە تــارانەوە بــنرێت، ئەوە بــژاردەی تۆڵەسەنــدنەوەی زەقــتر دەبێت کە دەتــوانێت ببێتە هۆی شەڕی سەرتاسەری. چوار سەرۆکی یەک لە دووای یەک لە ئەمریکا -جۆرج بوش، باراک ئۆباما، دۆناڵد ترامــپ (لە خــولی یەکەمی خۆیدا) و جۆ بــایدن- هەمــوویان ڕێککەوتــبوون لەسەر بەکارهێنانی دیپلۆمــاسی و ئــابلۆقە بۆ ڕێگریکردن؛ و هیچیان ڕێگەیان بە هێرشی سەربــازی لە نــاوخۆی ئێران نەدا.

سەرکەوتــنەکانی ئیسرائیڵ ئەو بۆچــوونە گــریمانەییەیان تێکشکانــد و دەرفەتێکیشی کردەوە بۆ تەواوکردنی هەڵوەشــانــدنەوەی تۆڕی هەڕەشە نــاوچەییەکانی ئێران و بنیاتــنانی ڕۆژهەڵاتێکی نــاوەڕاســت پــارێزراو و سەقــامگیرتــر. سەرکردە سەرەکییەکانی "میحوەری بەرخۆدانی" ئێران کوژراون و دەیان هەزار چەکداری سەر بە ئێران لە بەرەکانی شەڕ دەرهێنراون. جبەخانەکانی ئەم میحوەرە وێران بــوون و ئیسرائیڵ ئەو بنکە سەربــازی-پیشەســازییەی ئێرانی لاواز کردووە کە

ڕۆژانێک چەکی دابین ئەکرد. کاتێک بەشــار ئەسەد سەرۆکی ســووریا لە مــانگی دێسامــبردا لە دیمشق هەڵهات، سەرکردەکانی تــاران هــاوپەیمانێکی چــارەنــووســسازیان لە دەســت دا کە ساڵانێک یارمەتییانی دابوو سووریا بکەنە ناوەندەێکی ترانزیت بۆ دووبارە دابینکردنەوەی چەک و پارە و شەڕکەر بۆ میلیشیا پرۆکسییەکان. دوو هێرشی موشەکی بالیستیکی بۆ سەر ئیسرائیڵ لە ســاڵی 2024دا وەک شکستێک دەرچــوو کە ڕێگریکردن (deterrence) و هەروەهــا مۆڕاڵی گرووپەکانی سەر بە ئێرانی لاوازکرد و بوونی تارانی وەک سەرپەرشتێک خستە ژێر پرسیارەوە.

قۆناغەکە بۆ چوارچێوەیەکی سیاسی نوێ ئامادە کراوە کە ئەو بیرۆکراسییە گەندەڵ و لاوازانە کە ئێران ســوودی لێ وەردەگــرتــن چــاک و بەهێزیان بکات و جێگەی ئەو سەرکردە ســازشکارانە پڕبکرێتەوە کە پێشوازییان لە دەســـتڕۆشـــتوویی ئێران دەکرد. ڕێگریکردن لە گەڕانـــدنەوەی دەسەڵاتی وێرانکەری ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناتوانرێت بە تەنیا بۆ ئیسرائیڵ جێبهێڵرێت؛ کە سەرچــاوە، پێکهاتەی هــاوپەیمانی، و ئەزمــوونی دەیان ســاڵەی بۆ دەســتەبەرکردنی نەزمێکی نــاوچەیی نــوێ و ئــاشــتیانەتــر، نییە. هەروەهــا دەسەڵاتی سەربــازی بە تەنیا نــاتــوانێت پێش بــە پــاشەکشەی ســتراتیژی ئێران بــگرێت. تەنیا پڕۆسەیەکی سیاسی دەتــوانێت ئەم ئــامــانــجە بەدیبهێنێت -و ئەمریکا باشترین پێگەی هەیە بۆ پێشەنگایەتیکردنی.

بەڵام ئەو هەنگاوانەی ترامپ کە لە مانگەکانی یەکەمی خولی دووەمی خۆیدا گرتووەتەبەر، تەنیا ئیشی واشنگتن لە قۆزتنەوەی ئەم دەرفەتە مێژووییە قورستر دەکات. ڕەنگە ترامپ پێیوابێت کە بـچووک کردنەوەی دەســتەی دیپلۆمــاسی وەزارەتی دەرەوە و ســتافی فــریاگــوزاری دەرەکی، دوورکەوتنەوە لە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی نوێی سووریا، سەپاندنی سزای نوێ بەسەر ئێران و پەرەپێدانی هێرشە سەربــازییەکان دژی پــرۆکسیەکانی ئێران لە یەمەن، ســتراتیژی ئەمــریکا چڕ

دەکاتەوە و ئــامــاژەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەو هەڵمەتەی کە لە خــولی یەکەمی خۆیدا دژی ئێران بەکـاری هێـنـا. بەڵام ڕێـبـازێک کە تەنیـا لەسەر یەک ئــامــرازی سیـاسەتی دەرەوە -کـردەوەی سەربازی- وەستابێت ڕێگە نادات ئەمریکا سوود لە لاوازی ئێران وەربگرێت.

لە جیاتی ئەوە، پێویستە ترامپ ڕێوشوێنی توند و دیپلۆماسی داهێنەرانە تێکەڵ بکات کە تێیدا زیاتـر لە پەیوەنـدی لەگەڵ سەرۆکانی وڵاتـان و گەڕان بەدووای ڕێکەوتنی بەرچـاودا بێت. ئێستا ئەمــریکا و ئیسرائیلّ و زۆرێک لە دەوڵەتە عەرەبییەکان ئــامــانجێکی هــاوبەشیان هەیە بۆ ڕزگـارکردنی ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـت لە ژێر کاریگەریی ئێران -کۆدەنگییەکی دەگـمەنە. واشـنگتن پێویستی بە کۆکردنەوەی ئەم لایەنە پەیوەنـدیدارانە هەیە بۆ داڕشـتنی نەخـشەیەکی واقعی بۆ حــوکمڕانی، ئــاســایش و ئــاوەدانکردنەوەی غەززە. دەبێت بە ڕوونی بــاس لەوە بکات کە چ وەبەرهێنانێکی درێژخــایەن لە ئــاســایشی ڕۆژهەڵاتی نــاوەڕاســتدا دەکات. لەجیاتی ڕاگــرتنی یارمەتییەکان، دەبێت ســتراتیژییەکی ڕوون بۆ سەقــامگیرکردنی نــاوچەکە و وەڵامــدانەوەی پێـداویـسـتییەکـانی خەڵکەکەی دابڕێـژێـت کە سەرچــاوەی زیـاتــر بــخـاتە بەردەســت بۆ بەرەنـگاربـوونەوەی ئەو سەنـدیکا تـاوانکارییانەی کە بۆ مـاوەیەکی زۆر کاریگەریی ئێرانیان درێژە پێدابوو،

بەبێ ســتراتیژییەکی لەو شێوەیە، ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاســت نـاتـوانێت دەسـتکەوتە سەربـازییە سەرنجڕاکێشەکانی ئیسرائیلّ لە دژی ئێران بــچەســپێنێت. سەرکردەکانی تــاران لە ئێستاوە هەنـگاو دەنێن بۆ وەرگـرتـنەوەی دەسەڵاتە لەدەسـتچووەکەیان: هەنـدێک لە شیکارییەکان بۆ نموونە ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆماری ئیسلامی یارمەتی وروژاندنی ئەو توندوتیژییە تائیفییەی داوە کە لە مـانگی مـارچ لە سـووریا سەریهەڵدا. هەرچەنـدە تـاران بە تەواوی ڕەتیکردووەتەوە،

بەڵام سوود لە لاوازکردنی حکومەتی دیمشق وەردەگرێت. دەرفەتێکی ڕاستەقینە بۆ گۆڕینی ڕەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاتۆتە ئاراوە. بەڵام ئەگەر ئەمریکا ئەم دەرفەتە بۆ سەرکردایەتیکردن لەدەست بدات، ڕەنگە بۆ چەندین نەوە دووبارە نەبێتەوە.

## لێدانی کۆتایی

لە ماوەی ساڵ و نیوێکدا ئیسرائیل زۆرێک لە هاوپەیمانەکانی ئێرانی خستە سەر ئەژنۆ. ئەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن، توانای بەردەوامبوونیان لە هەڵمەتە جیدییەکانی دژە-شۆڕش و زاڵبوون بەسەر حکومەتە لاوازەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەدەستداوە. تا مانگی ئاگۆستی ساڵی 2024، هێزەکانی بەرگری ئیسرائیل ڕایانگەیاند کە 22 لەشکر لە 24 لەشکرەکەی حەماسیان "هەڵوەشاندووەتەوە" و زیاتر لە نیوەی فەرماندە سەربازییەکانیان کوشتووە و هەروەها زیاتر لە 17 هەزار چەکداری پلەداریان لەناوبردووە. سوپای ئیسرائیل بەشێکی زۆری ژێرخانی تونێلەکانی حەماس لە غەززە و ئەو دامەزراوانەی کە گرووپە تێرۆریستییەکان بۆ درووستکردنی فرۆکەی بێفرۆکەوان و مووشەک و تەقەمەنی دیکە بەکاریان هێناوە، لە کاریگەری خستووە. ئامادەیی حەماس بۆ ڕازیبوون بە ئاگربەستی برگەیی لە مانگی یەکدا ڕەنگدانەوەی تێکچوونی ئەو وڵاتەیە: سەرکردەکانی دەزانن کە مانەوەی گرووپەکە پەیوەستە بە کۆتاییهێنان بە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی ئیسرائیل.

لەم نێوەندەدا، فەیلەقی سەرکردایەتی حزبوڵڵا -پارتنێری ئێران لە لوبنان- لەناوچووە. هێرشە ئاسمانییەکانی ئیسرائیل زیاتر لە 70%ـی مووشەکی ستراتیژیکی مەودای دوور و مووشەکی دژە فڕۆکە و مووشەکی دژە کەشتی و مووشەکی هەڵدانی مەودای کورتی گرووپەکەیان لەناوبردووە. تاران لە دانپێدانانێک بە لاوازبوونی حزبوڵا، لە مانگی نۆڤامبردا سەرکردە ڕزگاربووەکانی گرووپەکەی ئاڕاستە کرد کە بە پێی مەرجەکانی ئاگربەست کە لە بەرژەوەندی ئیسرائیل بوون، ڕێکبکەون. حزبوڵا ناچار بوو هەڵمەتی خۆی دژی ئیسرائیل لە شەڕی غەززە جیابکاتەوە، ئەمەش گورزێکی گەورە بوو لە هەوڵەکانی ئێران بۆ گەمارۆدانی ئیسرائیل لە نێو ئەڵقەیەکی ئاگردا. وە لە مانگی فیورییەدا لوبنان حکومەتێکی نوێی پێکهێنا کە بۆ یەکەمجار لە ماوەی دەیان ساڵدا، سیاسەتمەدارانی هاوپەیمانی حزبولای پەراوێزخست.

ئێران نەیتوانی پارێزگاری لە ئەسەد بکات، کە تاکە سەرۆک دەوڵەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو کە بتوانێت وەک هاوبەشێکی ستراتیژیک هەژمار بکات. دووای ئەوەی شەڕی ناوخۆی سووریا لە ساڵی 2011 سەریهەڵدا، ئێران 30 تا 50 ملیار دۆلاری تەرخان کرد بۆ بەهێزکردنی ڕژێمی ئەسەد، لەوانە جێگیرکردنی ئەفسەرانی ئێرانی، ئاراستەکردنی سەربازە پیادەکانی بۆ سووریا و پێشکەشکردنی پشتیوانییەکی بەرفراوانی لۆجستیکی و هەروەها ئۆپەراسیۆنی جۆراوجۆر. لە بەرامبەردا ئەسەد ڕێگەی بە ئێران دا وڵاتەکەی بەکاربهێنێت بۆ دروستکردنی تۆڕی ناوچەیی خۆی، کۆنترۆڵی کۆگا و فڕۆکەخانەکانی پێبەخشی و ڕێگەی پێدا پارە و کەرەستە بەرەو پرۆکسیەکانی ئێران لە سەرتاسەری خاک و ئاسمانی سووریادا بگوازێتەوە. هاوپەیمانیی سوودبەخشی دوولایەنەی نێوان تاران و دیمشق لە مانگی دێسامبردا لەناکاو کۆتایی پێهات، دووای ئەوەی هاوپەیمانییەکی دژە ئەسەد بە سەرۆکایەتی گرووپی یاخیبووی هەئیەت تەحریر

شـام (HTS) وەکوو ڕەشەبـا بەسەر دیمشقدا هـات و پـایتەخـتەکەی بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی بەرهەڵستکاریەکی جددی ببێتەوە کۆنترۆڵ کرد.

لە کۆتـاییدا، سـتراتیژی تـاران لە پێشانـدانی هێز لە دەرەوە -بۆ پـاراسـتنی خۆی لە نـاوخۆی وڵاتەکەیدا- لە ڕێگرتـن لە هێرشی ئیسرائیڵ بۆ سەر سەر خـاکەکەی شکستی هێنا. لەنـاوبـردنی بەرگـرییە ئـاسـمانییە سـتراتیژیەکانی ئێران و هێرشەکانی ئیسرائیڵ بۆ سەر دامەزراوە بەرگـرییە پیشەسازییەکانی ئێران، بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامیی ئاشکرا کرد و توانای دروستکردنی چەکی ئـاسـایی (conventional weapons) بە ئـاسـتێکی زۆر دابەزانـد. لە هەمـووی گـرنـگتر، ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسرائیڵ تـرسی هێرشکردنە نـاو خـاکی ئێرانی کەم کردەوە کە پێشووتـر بەربەسـتێک بـوو. لە ئـاپـریلی 2024، ئێران بە هێرشی مـووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆ سەر خـاکی ئیسرائیڵ وەڵامی کوشـتنی دوو ژێنێراڵی بـاڵای لە دیمشق دایەوە. بەڵام بەرگـرییەکی فـرەلایەنەی هـاواهەنگیش، بە سەرۆکایەتی ئەمـریکا پێکهاتـبوو کە بـریتی بـوو لە تـوانـا سەربـازییەکانی ئیسرائیڵ، وڵاتـانی عەرەبی و ئەورووپی، کە تـوانییان زۆربەی مـووشەکی کروز و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئێران پووچەڵ بکەنەوە، پێش ئەوەی تەنانەت بگەنە ئاسمانی ئیسرائیڵ. پاشان لە مانگی ئۆکتۆبری ساڵی ڕابردوودا ئیسرائیڵ بە یارمەتی ئەمریکا لە بەرامبەر هێرشێکی ڕێکخراوتری ئێران کە زیاتر لە 180 مووشەکی بالیستیک بوو، بە شێوەیەکی کاریگەر بەرگری لە خۆی کرد. ئەم ڕووداوانە نیشانی دا کە دەتـوانـرێت هێرشە ئـاسـاییەکانی ئێران تێکبشکێنرێت و وڵاتـانی دراوسێ ڕازی بکرێن کە بەشـداری بەرگرییەکی هـاوئـاهەنـگ و سەرانسەری بکەن لە دژی دەستدرێژی ئێران.

## ئامادە و جێگیر

ئیـسـرائیلی لە ڕێـگەی ئۆپەراسیۆنە جەنـگییەکـانەوە دەسەڵاتی ئێـرانی بە شێـوەیەکی بەرچـــاو دابەزانـــدووە. بەڵام ئەو قۆنـــاغەی کە دووای ئۆپەراسیۆنە جەنگییەکانەوە دێت و دۆکـتـرینـی سەربـازی ئەمـریکا پێی دەڵێت سەقـامگیری، بەهەمـان شێوە گـرنـگە. بۆ ڕێگریکردن لە بـازنەی زیاتـری تـونـدوتیژی و بەسـتنی دەرفەتی سـوود وەرگـرتـن لە ئـالۆزی دووای شەڕ، سەقـامگیری بریتییە لە دووبارە دامەزراندنەوەی ئاسایشی بنەڕەتی کە دانیشتوان بتوانن متمانەی پێبکەن، دابینکردنی خزمەتگوزارییە گرنگەکانی وەک کارەبا و پاکوخاوێنی، وەستاندنی خراپبوونی ئابووری دووای جەنـگ و یارمەتیدانی حکومەتە نـوێیەکان بۆ بنیاتـنانەوەی کۆمەڵگاکانیان. ئەم قۆنـاغەی جەنـگ کە لە بـنەڕەتـدا سیاسییە، نـاکرێت بە تەنیا لەلایەن بـاڵی سەربـازییەوە بەڕێوە بـبرێت: بەڵکوو دەبێت دیپلۆمـــاتکاران، شـــارەزایانی تەکنیکی پـــاش شەڕ، سەرکردە نـــاوخۆییەکان و ئەکتەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەیوەسـتی ئەم قۆنـاغە بن، تەنانەت ئەگەر هەنـدێک جـووڵەی ناسەقامگیرکەر بەردەوام بێت.

ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـت ئـامـادەیە بۆ سەقـامگیریی سـتراتیژیک. لە ئێستادا، سەرکردە نـوێکان لە بەیروت و دیـمـشـق کـار دەکەن بۆ ڕزگـــارکـردنی وڵاتەکـانیـان لە کـاریـگەرییەکـانی ئێران لەسەر ئـاسایش و سیاسەتیان. جۆزێف عەون، سەرۆکی پێشووی لـوبنان کە بەم دووایيانە دەسـتبەکار بـــووە، بە ئـــاشکرا داوای چەککردنی هەمـــوو ئەو گـــرووپە چەکدارانەی کرد کە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت کار دەکەن. ئەو دەسەڵاتی داوە بە سوپا بۆ کارکردن لە باشووری لوبنان و بە کۆتـایی گەیانـدنی ڕەوتی چەک دامـاڵینی حیزبـولڵا. نەتەوە یەکگرتـووەکان لە سـاڵی 2006ـەوە بـــانـــگەوازی ئەو جۆرە چەککـردنە دەکـات. بەڵام ئێـسـتـا بە لەبەرچـــاوگـــرتـنی دابەزیـنی

ئۆپەراسیۆنەکانی حیزبـولڵا، ئیرادەی سیاسی نـوێی بەیروت و چـاودێری ڕاسـتەوخۆی سەربـازی ئەمریکا، چانسی بە ئەنجامگەیاندنی ئەم پڕۆژانەوە هەیە.

لە سووریا، ئەحمەد شەرع، سەرۆکی هیئەتی تحریر الشام لەسەر سنووری لوبنان ڕووبەڕووی تۆڕە نـایاسـاییەکانی بـازرگـانی چەک و مـاددە هۆشـبەرەکان دەبێتەوە و ئـازایانە ئێران تۆمەتـبار دەکات بە نـاسەقـامگیری لە نـاوچەکەدا. حکومەتە کاتییەکەی پـلاتفۆڕمێکی بۆ گـفتوگۆیەکی نیشتمانی سەبارەت بە نەخـشەکێشانی داهـاتووی سـووریا بەسـتووە، ڕێکەوتنی تێکەڵاوبـوون لەگەڵ گـرووپە چەکدارەکانی دیکەدا واژۆ کردووە و بەپێی زانیارییەکانی ئەمـریکا، شەرع کاریشی کردووە بۆ پــوچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێکخراوی تێرۆریستی دەوڵەتی ئیسلامی (نـــاســـراو بە داعــش.) هەرچەنــدە بەرپـرسـانی ئەمـریکا نیگەرانـن لە پەیوەنـدییەکانی ڕابـردووی HTS بە ئەلـقاعیدە، بەڵام ئەم هەوڵە سەرەتـاییانەی شەرع ڕەنــگدانەوەی مەیلی گشـتگیری سیاسی و هــاوکاری ئەمنییە کە ئەگەر بکرێت و پەرەی پێبدرێت، دەتــوانێت سەنـــگەرێک بێت لە دژی دەستێوەردانی ئێران کە هەمووکات سوود لە درزی تایەفەگەری و نەهامەتی ئابووری دەبات. دانیشتووانی لوبنان و سووریا هەست بەوە دەکەن کە دەسەڵاتی ئێران لاواز بووە و هەر بۆیە بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ژیانیان، چاویان بڕیوەتە حکومەتەکانیان، نەک گرووپە نادەوڵەتییەکان.

بەڵام بەبێ هــاوکاری و بەشــداریکردنی دەرەکی -و لە نەبــوونی هیچ ڕوانینێک بۆ سەقــامگیری سیاسی و ئـابووری و کۆمەڵایەتی گشـتگیر- خەڵکان و پێکهاتە ئـازارچێشتووەکانی سەرانـسەری ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـت نـاچـار دەبـن بۆ مـانەوەی ڕۆژانەیان پشـت بەو تۆڕانە بـبەسـتن کە لە دەرەوەی دامـودەزگاکانی دەوڵەت کاردەکەن، لەوانەش تۆڕە نایاساییەکان. ئەمەش لە ئاکامـدا لاوازی حکومەتەکانیانی لێ دەکەوێتەوە. سەرکردەکانی ئێران تێبینی شەپۆلی نـــوێی سەرکردە

ناسیونالیستەکان دەکەن کە نایانهەوێت نەخشەی ئەوان بگرنەبەر، و دەزانن زۆرێک لە خەڵکی ئاسایی تامەزرۆی ڕزگاربوونن لە چنگی ستەمکارانەی میحوەری مقاومە. بەڵام ئێران بەتەواوی دەیهەوێت دەستڕۆشتوویی خۆی لە ناوچەکەدا بگەڕێنێتەوە: لە وتارێکی مانگی دێسامبردا پلانەکانی تاران بۆ دامەزراندنی گرووپی شۆڕشی نوێ لە سووریا ئاشکرا کرا؛ ژێنێراڵی باڵای ڕژێم، بێهروز ئیسباتی ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی سەرکەوتوو دەبێت لە چالاککردنەوەی وردەوردەی ئەو "چینە کۆمەڵایەتیی" قووڵانەی کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ئەسەددا پەرەی سەندووە.

دوورخستنەوەی ئەسەد دەرفەتێک بۆ نەوەکان دەرەخسێنێت تاکوو سووریا بخەنە سەر ڕێگەیەکی سەقامگیر، کە چیتر نەبێتە بنچینەیەکی ئێران بۆ دەرخستنی دەسەڵات. شەرع چەندە بیهەوێت لە کاریگەرییەکانی ئێران -نزیک بە دەیەیەک- ڕزگاری بێت، بەڵام ئەگەر لە سزاکانی ئەمریکا ڕزگاری نەبێت، ناتوانێت ئەو کارە بکات. وە بەبێ پشتیوانییەکی بەرچاوی دەرەکی کە داوای گەیشتن بە پێوەرەکانی حوکمڕانیەکی واقیعی بکات، ناتوانێت قەیرانی مرۆیی و ئابووری سووریا سنووردار بکات -ناسەقامگیرییەک کە دەچێتەوە خزمەت بەرژەوەندییەکانی ئێران.

ئێران هێشتا لە شوێنەکانی دیکەشدا پێگەی بەرچاوی هەیە. بزووتنەوەی حەماس سەرەڕای تێکچوونی دۆخەکەی، هیچ ئاماژەیەکی نەداوە کە شکستی قبوڵ کردووە و سەرکردەکانیش دانوستان لەسەر داهاتوویەک ناکەن کە تێیدا دەستبەرداری حوکمڕانی غەززە بن.  حەماس لە ئێستادا سوود لە کەمی سەرچاوەکان وەردەگرێت و ڕێگەی یارمەتییە مرۆییەکان دەگۆڕێت و کۆنترۆڵی دابەشکردنیان دەکات. حەماس لە بۆشایی حوکمڕانی غەززەدا خۆی دەسەپێنێت و بۆ هەوڵەکانی کوتانی واکسەنی ئیفلیجی منداڵان لە ساڵی 2024 -کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە

پشـــتیوانی ئیسـرائیڵ و ئەمــریکا جێبەجێی کـردووە- مــتـمـانە کۆ دەکـاتەوە. لەگەڵ تۆڕە تــاوانکارییەکـان کـار دەکـات بۆ پــارەوەرگــرتــن لە هــاووڵاتیانی مەدەنی و بۆ نیشـانــدانی بەردەوامـبوونی هێزەکەی، ڕێوڕەسمی ئـازادکردنی بـارمـتەکان ڕێکدەخـات. لە 7 ـی ئۆکتۆبـرەوە، بەراوەرد دەکــرێــت ئەم گــرووپە زیــاتــر لە 10 هەزار ئەنــدامی نــوێی دامەزرانــدبێــت و سەرمایەدارەکانی دەزانن چۆن خۆیان لە کەلێنەکانی سیستمی سزاکانی ئەمریکا دەرباز بکەن و سەرمــایەگــوزاریەکی جیهانی بە بەهــای سەدان ملیۆن دۆلار ڕێکبخەن. ڕێبەرانی ئیسرائیڵ بەرەنـگاری هەر دەرفەتێک بـوونەتەوە بۆ حـوکمڕانیەکی فەڵەسـتینی بە بێ حەمـاس لە غەززە، هەروەهــا ئەو پێشنیارەی کە وڵاتــانی عەرەبی لە مــانگی مــارس لە قــاهیرە پێشکەشیان کرد، داواکاری بۆ هەڵوەشاندنەوەی حەماسی تێدا نابینرێت.

هێرشەکانی ئیسرائیڵ بۆ سەر حــزبــولا، گــرووپەکەی بە قــووڵی لاواز کردووە. بەڵام سەرکردە نوێیەکانی بەیروت خۆیان دەوڵەتێکی لاوازیان بە میرات گرتووە. بۆ هەڵوەشاندنەوەی حزبولا بە تەواوی پێویستیان بە یارمەتی هەیە. بەڵام دووای ماوەیەکی کەم لە دەستبەکاربوونی عەون لە مـانگی یەکدا، ئیدارەی ترامـپ ڕێگەی گـرت لە گەیشتنی دەیان ملیۆن دۆلار هـاوکاری ئەمنی بۆ هێـزی سەربــازی لــوبــنان. تەنــانەت پێش 7ـی ئۆکـتۆبــر، ئەمــریکا (و زۆرێک لە ئەکـتەرە نێونەتەوەییەکانی دیکە) جگە لە یارمەتییە مرۆییە ڕاستەوخۆ و ناوخۆییەکان، بە لەبەرچاوگرتنی دەستبەسەرداگرتنی دامەزراوەکانی دەوڵەت لەلایەن حزبولاوە، پشتیوانییان لە لوبنان نەکرد. بەڵام سەرەڕای ئەو گۆڕانکارییە بەرفراوانەی کە گەیشتووەتە بەیروت، واشـنگتن پڕۆژەی خۆی بۆ هاوکاریکردن ڕێکنەخستووە. نەعیم قاسم، ڕێبەری نوێی حزبولا، پێشتر ئاماژەی بەوە کردووە کە پێشبینی دەکات هەوڵەکانی چاکسازیی بەیروت شکست بهێنن و بانگەوازی عەونی بۆ داماڵینی

چەکیشی ڕەتکردەوە. ئەگەر حکومەتی لوبنان نەتوانێت بە خێرایی یارمەتی ئابووری و هاوکاری ئاوەدانکردنەوە پێشکەش بکات، ڕەنگە حزبوڵا جارێکی دیکە بە بەدەستهێنانی کورسییەکانی یاسادانان لە هەڵبژاردنەکانی پارڵمانی ساڵی داهاتوودا، دەوڵەتەکە بگرێتەوە دەست. حزبولا لە ئێستاوە کار دەکات بۆ چاککردنەوە و دووبارە پارەدارکردن و بەهێزکردنی پشتگیرییە جەماوەرییەکەی، هەزاران دۆلار وەک قەرەبوو پێشکەش بە خەڵکی لوبنان دەکات کە ماڵەکانیان لە کاتی ئۆپراسیۆنەکانی ئیسرائیلدا وێران بووە.

## کاوبۆی تەنیا

ئێران بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتەکەی، هەروەها کار بۆ زیاتر بەدامەزراوەییکردنی دەستڕۆشتوویی خۆی لە عێراق و یەمەن دەکات. سیاسەت لە هەردوو شاری بەغدا و سەنعا هێشتا بە توندی لە ژێر کاریگەری تاراندایە و گرووپە چەکدارە نادەوڵەتییەکانی سەر بە ئێران هەردوو وڵات بۆ دەرخستنی دەسەڵات بەکاردەهێنن. لەگەڵ کەمبوونەوەی کاریگەرییەکانی حزبولا، حوسییەکان لە یەمەن وەک بیمەی نوێی سیاسەتی ئێران، شەڕنانەوەکانی خۆیانیان بەستەوە بە هەڵمەتی ئیسرائیل لە غەززە. ئەوان لە 7ی ئۆکتۆبەرەوە تاکتیک و توانای مووشەکیان باشتر کردووە و پەیوەندییە گشتییەکانیان پەرە پێداوە. ئەوان بەردەوامن لە حوکمڕانی سەنعا و چاپکردنی پارە و کۆکردنەوەی باج و لادانی هاوکارییە مرۆییەکان بۆ مەبەستی خۆیان، و تەنانەت لە مانگی دیسامبردا 500 ملیۆن دۆلاریان لە سعودی بۆ پاڵپشتی بودجە دەستەبەر کردووە. نە هێرشە فرەلایەنەکان بە سەرۆکایەتی ئەمریکا بۆ سەر ئامانجە

سەربــازییەکانی حــوسییەکان و نە هێرشەکانی ئیسرائیڵ بۆ سەر بەنــدەر و ژێرخــانی وزە، هێرشەکانی حوسییەکانیان بۆ سەر هاتوچۆی دەریایی لە دەریای سوور ڕانەگرت تا ئەو کاتەی ئاگربەستی مانگی یەک لە غەززە جێبەجێکرا. هێرشەکان بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە شکستیان هێنا لە دروســتکردنی دەروازەیەک بۆ سەرکردایەتییەکی نــوێ لە یەمەن یان بڕینی ئەو چەک و مەشق و پشتیوانییە تەکنیکیانەی کە ئێران دەینێرێتە یەمەن.

ترامپ ناساندنی حوسییەکانی وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی بیانی گەڕاندەوە، کە سەرۆکی پێش خۆی لە ســاڵی 2021 هەڵیگرتــبوو، ئەمەش هیچ زیانێک بە سەرکردایەتی حــوسییەکان ناگەیەنێت، کە نە گەشت دەکەن بۆ دەرەوەی وڵات و نە خاوەن هەژماری بانکی نێونەتەوەیین. بەڵام ئەم بڕیارە ئابووری وێرانبووی یەمەن زیاتر لاواز دەکات و زیان بەو هاووڵاتییە مەدەنیانە دەگەیەنێت کە لە ئێستاوە بەدەست کاریگەرییەکانی زیاتر لە دە ساڵ شەڕی ناوخۆوە دەناڵێنن و ئەم لاوازبــوونە کۆمەڵایەتییە دیسان دەرفەت بۆ ئێران دەڕەخسێنێت کە دەسەڵاتی خۆی لەو وڵاتە فــراوان بکات. لە عێراق، هەوڵەکانی ئەمــریکا و ئیسرائیڵ بۆ بێدەنگکردنی کاریگەرییەکانی ئێران بەهۆی ڕۆڵی عێراق -لە میوانداریکردنی هێزەکانی ئەمریکا بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش- ســنووردار بــووە. گــرووپە میلیشیاکانی سەر بە ئێران بە پێشبینی گــوشــارەکانی ئەمــریکا و ئیسرائیڵ، بەرژەوەنــدییەکانیان لە بەغــدا دامەزراوەیی دەکەنەوە، خۆیان لە سیستمی سیاسی عێراقــدا دەچەســپێنن و دامەزراوە دەوڵەتییەکان دابەش دەکەن دەکەن بۆ دڵنیابــوون لە مــانەوەی تۆڕی هەڕەشەکانی ئێران. مــحەمەد شیعە ئەلــسودانی، سەرۆکوەزیرانی عێراق، هەندێک سیاسەتی گرتۆتەبەر کە زیانبەخشن بۆ تاران، لەوانە ڕێگریکردن لە گەشتی چەکدارانی سەر بە ئێران بۆ سووریا و دەربڕینی ئامادەیی بۆ بەردەوامبوون لە میوانداریکردنی سەربازانی

ئەمــــریکا. بەڵام واشـــــنگـتـن هیچ بڕیارێکی نەداوە بۆ پــــاداشـــــتی ئەم هەوڵانە، لەبـــری ئەوە هـــــاوکارییەکانی بۆ ئەو کۆمەڵگایانە داخســـــتووە کە لەلایەن داعـــــشەوە تێرۆر کراون و ئەو بەرنـامـانەی ڕاگـرتـووە کە پشـتگیریان لە گەشەسەنـدنی ئـابـووری عێراق کردووە. هەروەهـا لە مانگی ئازاردا ئیدارەی ترامپ کۆتایی بە ڕاگرتنی سزاکان هێنا کە ڕێگەی بە عێراق دابوو کارەبا لە ئێران بکڕێت، بڕیارێک کە جەخت لەسەر تۆڕی کارەبای عێراق دەکاتەوە کە لە ئێستاوە و لە پێش مانگە گەرمەکانی هاوین لاواز بووە و سودانیش دەخاتە ژێر گوشارەوە.

زۆربەی بەرپــرســـانی ئەمــریکا لەم بــاوەڕە نــوێیەدان کە لەبەر ئەوەی ڕژێمی ئێران لە لــوتکەی لاوازیـدایە، ئێسـتـا کـاتی ئەوە هـــاتـــووە هێڵێکی تـــونـــدتـــر بـــگـردرێتەبەر. هەر زوو دووای دەستبەکاربوونی ترامـپ لە مـانگی یەکدا، فەرمـانی جێبەجێکردن واژۆ کرا بۆ هەڵمەتی "زۆرترین گـــوشـــار" بۆ کۆتـــاییهێنان بە هەڕەشە ئەتۆمییەکەی ڕژێمی ئێران، "کەمکردنەوەی بەرنـــامەی مـووشەکی بـالیستیکی و وەسـتانـدنی پشـتیوانی بۆ گـرووپە تێرۆریستییەکان". سەرۆککۆمـار چەنـدین خـولی نـوێی سـزاکانی ئەمـریکای ڕاگەیانـد، لەوانە پـاکێجەکانی ئـامـانجکردنی بەرنـامەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی تـاران، هەنـاردەکردنی نەوتی تـاران و ئەو تۆڕە تـاوانکارییە نێونەتەوەییانەی کە دەسـتڕاگەیشتن بە تێرۆریزمی پـاڵپشتکراوی ئێران گەورەتـر دەکەن. هەروەهـا ئیدارەی نـوێ ئیلهامی لە یارییەکانی ئیسرائیڵ وەرگـــرت بۆ لاوازکـردنی نــــمایشی دەسەڵاتی ئێران لە ڕێگەی دەســـتــپێکـردنی هەڵــمەتێکی سەربـــازی دژی حـــوسییەکـــان لە یەمەن، مەودای هێــرشە سـنووردارەکانی پێشووی فـراوانـتر کرد و کەسـایەتی و ژێرخـانی سەربـازی و بینا حکومییەکانی کردە ئامانج.

گەمــارۆ و لێدانی سەربــازی دەتــوانێت پێکهاتەی ســتراتیژیکی سەرکەوتــوو بــن، بەڵام لەم ساتەوەختەی دەرفەتدا، ناتوانن بەردەوام بن. ئەمریکا پێویستی بە سیاسەتی بەشداریکردنی فــرەلایەنەیە بۆ پێشکەشکردنی ڕوانینێکی ئەرێیی بۆ ڕۆژهەڵاتی نــاوەڕاســت کە دوور بێت لە کاریگەرییە زیانبەخشەکانی ئێران. بەشداری نەکردنی واشنگتن لە سووریادا بە زەقی دەبینرێت، کە حکومەتی شەرع چەندین جار و بە ئاشکرا خواستی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی کاریگەری ئێران و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پاراستنی سنوورێکی ئاشتیانە لەگەڵ ئیسرائیل دەردەبڕێت. بە جەخت لەسەر ئەو دەرفەتەدا، سەرۆکەکانی وڵاتانی ئوردن، قەتەر، سعودی و تورکیا و هەروەها شاندە باڵاکانی ئەورووپا، پێشتر لەگەڵ سەرکردە نوێیەکانی دیەشق کۆبوونەتەوە. بەڵام ئەمریکا زیاتر لە پەراوێزی دیپلۆماسی دەمێنێتەوە. هەندێک نیگەرانی مەعقولە، شەرع هێشتا تاقی نەکراوەتەوە، بەڵام پێویستی بە پشتیوانی نێونەتەوەیی زۆر ئیرادەدارترە بۆ ئەوەی دەسەڵاتەکەی لەلایەن تێکدەرەکانەوە تــووشی بەرەنــگاری نەبێت. هەروەهــا دەبێت کۆمەڵێک پێوەری ڕاســتەقینەی پێبدرێت بۆ هــانــدانی هەوڵەکانی بۆ سەقــامگیرکردنی وڵات و کەمکردنەوەی سزاکانی ئەمریکا بۆ ئەوەی ئابوورییەکی یاسایی بتوانێت دابمەزرێنێتەوە.

لە شــوێنێک کە ئیدارەی ترامــپ سەرقــاڵە، بۆچــوونی تــاکلایەنە و پەرچەکردارانە، مەتــرسی لاوازکردنی ئەنجامە درێژخایەنەکانی لێ دەکەوێتەوە. لە پێشنیاری دەستبەسەرداگرتنی ناوچەکە بۆ گواستنەوەی ملیۆنەها هاووڵاتی مەدەنی و دەستپێکردنی دانوستانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ حەماس، درزێکی توندی لەگەڵ دیپلۆماسی ئەمریکا درووست کردووە لە ماوەی ساڵ و نیوی ڕابردوودا، کە تێیدا بەرپرسانی ئەمریکا جەختیان لەسەر دۆزینەوەی چارەسەرێکی هەمیشەیی بۆ غەززە کردووە کە ئاسایشی ئیسرائیل بەهێز بکات، وەڵامی پێداویستییەکانی خەڵکی مەدەنی

فەڵەســتینی بــداتەوە و مــامەڵە لەگەڵ پێداویستییەکانی خەڵکی مەدەنی بکات. هەروەهــا دەبێت ڕاوێژ بە دراوسێیە عەرەبەکانی ئیسرائیڵ بکرێت. ئەو ڕێبازە لە کۆتــاییدا بــووە هۆی ئاگربەست بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک کە ڕێگە بە گەڕانەوەی بارمتەکانی ئیسرائیڵ دەدات و یارمەتییە مرۆییەکان دەگاتە خەڵکی غەززە. لە بەرامبەردا، ئەم بۆچوونەی ئێستا لەوانەیە ببێتە هۆی ئیفلیجی سیاسەت لە نێو کۆمەڵێک پێشنیاری ناڕێک و ناواقیعی و زەمینەیەکی بەپیت بۆ حەماس و ئێران بڕەخسێنێت بۆ دووبارە ڕێکخستنەوە.

## گۆڵ لە خۆدان

لە ڕووبەڕووبــوونەوەیەکی ڕاســتەوخۆ لەگەڵ خــودی ئێران، ترامــپ ڕەتیکردەوە پــاڵپشتی نێونەتەوەیی بنیات بنێت و بەبێ هاواهەنگی پێشوەختە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئایەتوڵا عەلی خــامــنەییەوە کرد بۆ دەســتپێکردنی دانــوســتان. بە پشــتگوێخستنی پێویستی ڕاوێژ لەگەڵ هــاوپەیمان و هــاوبەشە نــاوچەییەکان، ئەو هەڵەیەی دووپــاتکردەوە کە واشــنگتن لە کاتی داڕشتنی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ساڵی 2015 لەگەڵ ئێران کردبووی: لەو کاتەدا ڕاوێژ نەکردن لەگەڵ ئیسرائیڵ و پایتەختە عەرەبییەکان گرژییەکی بەرچاوی لێکەوتەوە و لە ئەنجامدا ئەو ڕێککەوتنە لایەنگری کەمی هەبوو و ترامپ بڕیاریدا لە ساڵی2019دا لێی بکشێتەوە. پێدەچێت ستراتیژی ئێستای ئەمریکا بەرامبەر ئێران لەسەر ئەو باوەڕە بێت کە ستراتیژییەکی گوشار، کە تەنیا بە هاواهەنگی لەگەڵ ئیسرائیڵ ئەنجام دەدرێت، دەتوانێت ڕژێمی تاران ناچار بکات ئەو چالاکییانە ڕابگرێت کە بە پێویستی دەزانێت بۆ مانەوەی خۆی. بەڵام ئەمریکا بە بێ پاڵپشتی

فراوانتر ناتوانێت ئابووری ئێران بڕووخێنێت و تەنانەت هێرشی سەربازی کاریگەریش دەست پێ بکات. ئەمریکا پێویستی بە هاوکاری چین هەیە -کە گەورەترین هاوردەکاری نەوتی ئێرانە- هەروەها هاوکاری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە میوانداری بنکە و هێزەکانی ئەمریکا دەکەن. هەروەها ئەمریکا پێویستی بە پاڵپشتی ئەورووپا هەیە لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. وە بەبێ هاواهەنگییە زۆر فراوانتری نێونەتەوەیی لەسەر کاریگەرترین ڕێگەی گۆشەگیرکردنی تاران، ڕێژیمی ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ پێکەن و مۆسکۆ بەکاردەهێنێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر هەوڵێکی ئەمریکا بۆ ئیمتیاز وەرگرتنی مانادار.

واشنگتن پێویستە ڕوونی بکاتەوە کە چۆن بەنیازە یارمەتی سزاکان پێشکەش بەو کەسانە بکات کە چالاکییە سزادراوەکان ڕادەگرن. پێداچوونەوە بە سزاکانی سەر سووریای دووای ئەسەد ئەولەویەتی دەستبەجێیە، بەڵام پێویستە بەڕێوبەرایەتییەکە ڕێگایەکی ڕوون دابڕێژێت بۆ دابینکردنی یارمەتی ئابووری مانادار بۆ خودی ئێران، ئەگەر تاران هەنگاوی پێویست بنێت بۆ سنووردارکردنی بەرنامە ناوکیەکەی و وەستاندنی هەوڵەکانی بۆ ناسەقامگیری وڵاتانی تر.

ئەمریکا دەبێت سەرچاوە و شارەزایی مەدەنی بخاتە پشت ستراتیژی ناوچەیی خۆیەوە تەنانەت لە کاتێکدا وا هانی ئەوانی دیکە دەدات کە لە قورساییەکەدا هاوبەش بن. هاوکاری و شارەزایی تەکنیکی کە لەلایەن هاوڵاتییانی مەدەنییەوە پێشکەش دەکرێت، توخمێکی سەرەکی ئۆپەراسیۆنەکانی سەقامگیرکردنە. ئەمریکا دەیان ساڵ و سەدان ملیۆن دۆلاری وەبەرهێنا بۆ بنیاتنانی پێکهاتەی بیرۆکراتی، لێژنەی پسپۆڕان و شارەزایی لە دامەزراندنی جۆرەکانی دارایی کۆکراوە و بەرنامەی هاوکاری زیرەک کە ڕێگە بە وڵاتان دەدات بە سەرکەوتوویی لە ململانێکان دەربچن. ئەم ئامراز و لێهاتووییانە بۆ چەسپاندنی دەستکەوتەکان لە دژی ئێران زۆر گرنگ دەبن:

ئەو پێکهاتـانەی کە بەهۆی تـونـدوتیژیەوە وێران بـوون، دەیانـهەوێت ئـاوەدان بکەنەوە، بەڵام سەرکردە نــوێیەکانیان، شـــارەزایی حـــوکمڕانی و تەکنۆکراتی و ئـــابـــووری پێویستیان نییە بۆ چـــارەسەرکردنی ئەو کێشە نـــاوازانەی کە کۆمەڵگاکانی دووای مــلملانێ ڕووبەڕووی دەبـــنەوە. سوپاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەو ئامادەییەیان نییە بۆ داماڵین و یەکخستنەوەی گرووپەکانی سەر بە ئێران.

بەڵام دەوڵەمەنـدی ئەزمـوونی سەقـامگیریی ئەمـریکا ئێستا بەفیڕۆ دەچێت، چـونکە واشـنگتن بەشێوەیەکی سیستماتیک بـــودجە کەم دەکاتەوە و ئەو هێزی کارە کە سەرن لەسەر یارمەتییە مرۆییەکان دادەنێت، هەڵدەوەشێنێتەوە. ترامپ پێداگرە لەسەر لەناوبردنی ئاژانسی ئەمریکا بۆ گەشەپێدانی نێونەتەوەیی (USAID)، کە ئۆفیسی دەســـتپێشخەرییەکانی گـــواســـتنەوەی لەخۆئەگرت، و بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان گەشەپێدان و یارمەتییە مرۆییەکان دانرابوو.
نـــووسینگەی ئۆپەراسیۆنەکانی مـــلملانێ و سەقـــامگیریی وەزارەتی دەرەوەی ئەمـــریکا کە بوودجەکەی لە یارمەتی دەرەکی دابین دەکرێت و ترامپ دەیهەوێت ڕێگری لێ بکات، پسپۆڕە لە یارمەتیدانی ئەو وڵاتانەی کە زیانیان بەرکەوتووە. ڕاوێژکاری تایبەتی دامەزراندووە کە پێی دەڵێن "ڕاوێژکارانی سەقامگیری" کە ئامادەن لە ناوچە ناکۆک و قەیراناوییەکان بڵاو بکرێنەوە.

ئیدارەی ترامـپ بەنیازە دەسـتەی دیپلۆمـاسی وەزارەتی دەرەوەی ئەمـریکا بەشێوەیەکی بەرچـاو کەم بکاتەوە، ڕێک لە کاتێکدا کە دیپلۆمـــاتکاران پێویستیان بە وەرگـــرتنی بەرپـــرسیارێتی زیاتـــر دەبێت دووای پێشهاتە سەربـــازییە گەورەکان لە ســـاڵی 2024دا. ئەم ئیدارەیە هـــاوکارییەکانی سەقامگیری بۆ عێراق و سووریا و یەمەن لە کاتێکدا ڕاگرتووە کە ئەم جۆرە هاوکارییە دەتوانێت زۆرتـرین کاریگەری ئەرێیی هەبێت. هەروەهـا هـاوکارییە سەربـازییەکانی بۆ هێزە چەکدارەکانی

لـوبـنان بەشێوەیەکی کاتی ڕاگـرت لە کاتێکدا حکومەتی لـوبـنان پـابەنـد بـبوو بە چەکدامـاڵینی حـــزبـــوڵای لـــوبـــنان. جـــگە لەوەش هـــاوکارییە ئەمنییەکان بۆ هێزە ئەمنییەکانی دەسەڵاتی فەڵەســتین کە لەگەڵ ئیسرائیلّ لە بەشی خۆرئـاوا بۆ بەرەنــگاربـوونەوەی دەسەڵاتی حەمـاس کاریان دەکرد، ڕاگیرا. ئەگەر ئەمـــریکا هیواخـــوازە تۆڕی کاریگەریی نـــاوچەیی ئێران بە تەواوی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەوا دەبێت هاوکاری مەدەنی پێشکەش بکات و لە هەمان کاتدا فشار بخاتە سەر ئەوانی دیکە بۆ بەشـداریکردن. ئەگەرنا بە سـنووردارکردنی سـتراتیژییەکەی، دەسـتبەرداری ئەو ئامرازە باشانە دەبێت کە بۆ ڕێگریکردن لە سەرهەڵدانی ئەکتەرە بەدیلەکان گونجاون

لە کۆتـاییدا، ئەمـریکا پێویستە گەرەنتی ڕوونـتر بـداتە پـارتنێرە نـاوچەییەکانی سەبـارەت بە پـابەنـدبـوونە ئەمنییەکانی خۆی، تەنـانەت لە کاتێکدا کە داوا لە پـارتنێرەکانی دەکات لەو جۆرە هـاوکارییە ئەمنییە فـرەلایەنەی کە لە بەرامـبەر هێرشە مـووشەکییە بـالیستییەکانی ئێرانـدا زۆر سەرکەوتـوو بـوو، بەردەوام بـن. ئەمـریکا لە دووای 7ـی ئۆکتۆبـرەوە، بـوونی سەربـازی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی نـاوەڕاسـت بە شێوەیەکی بەرچـاو زیاد کرد، ئەم پشـتیوانییە کە هەواڵگری و چەک و بەشـــداری چـــالاکانە بۆ بەرگـــری لە ئیسرائیلّە، یارمەتی ئیسرائیلّی دا کە سەرنجی لەسەر بە ئـــامـــانجکـردنی تۆڕی هەڕەشەکـانی ئێـران بێـت، ئەمەش گۆڕانکـارییەکی گەورەی لە دیـمەنی سـتراتیژیکی نـاوچەکەدا درووسـت کرد. ئەم بـناغەیەی پشـتیوانی سەربازی پێویستی بە مـانەوە دەبێت لە کاتێکدا ناوچەکە سەرنجی خۆی بەرەو سەقامگیری دەگۆڕێت.

بۆ ئەوەی زۆرترین گوشار لەسەر حوسیەکان ببێت، پێویستە ئەمریکا پاکێجێکی یارمەتی تایبەت دابڕێژێت کە ئـامـادەیە لە ئەگەر دەســتبەرداری حـووسییەکان لە دەسەڵات پێشکەشی گەلی یەمەنی بکات. دەبێت پـارتنێرەکانی ئەمـریکا لە هەڵمەتی سەربـازی بۆ گەڕانـدنەوەی ئـاسـایشی

دەریای سوور بەشداری بکەن و خودی ئیدارەی ئەمریکا ڕوونی بکاتەوە کە ئامادەیە پشتگیری ئەو وڵاتانە، وەک سعودی و ئیمارات بکات کە لەلایەن حوسیەکانەوە هەڕەشەیان لێدەکرێت. پابەندبوون بە بەهێزکردنی بوونی سەربازی لە مامناوەندا دەتوانێت سووربوونی ئەمریکا بۆ تاران نیشان بدات و سەرکردەکانی تری ناوچەکە دڵنیا بکاتەوە کە لە هێڵی پێشەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێراندان. لە عێراق و سووریا پێویستە واشنگتن هێزەکانی لەسەر زەوی بهێڵێتەوە و بە ئاشکرا پشتیوانی خۆی بۆ هاوڵاتییانی ئەو دوو وڵاتە نیشان بدات؛ لە لوبنان، پێویستە ئەمریکا بەردەوام لە گێڕانی ڕۆڵی چاودێری بۆ سەر سوپای لوبنان بەردەوام بێت کە هەوڵ دەدات حیزبوڵا چەک بکرێت؛ هەروەها ڕاستەوخۆ پشتگیری سەرکردە نوێکانی بەیروت بکات ئەگەر هەنگاوی زیاتر بەرەو چاکسازی دەبڕن.

لە حاڵێکدا کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە گۆڕاندایە و سەرکردە نوێکان داوای پشتیوانی جەماوەر دەکەن و ڕێکخستنی ئەمنی نوێ لە ئارادایە، پاراستنی بوونی سەربازی ئەمریکا وەبەرهێنانێکە کە ئەمریکا پێویستە بیکات. هەروەها، لە کاتێکدا سەرکردە نوێیەکانی سووریا ئامانجەکانی حوکمڕانی باش بەدیبهێنن، ئەمریکا دەبێت سزاکان سووک بکات، یارمەتی و هاوکاری تەکنیکی بۆ کۆمەڵگا لاوازەکان بەرز بکاتەوە و هەنگاو بنێت بۆ کۆکردنەوەی هاوکارە ناوخۆیی و نێونەتەوەییەکان بۆ دارشتنی ڕوانینێکی کۆنکرێت و واقعی بۆ نەزمێکی ناوچەیی دوور لە هەژموونی ئێران. هەوڵەکانی ڕابردووی تاران بۆ ناسەقامگیرکردنی حکومەتەکانی ناوچەکە، ملکەچکردنی خەڵکەکەی، تەحەدای بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و بڵاوکردنەوەی تیرۆر لە دەرەوەی وڵات، تەنیا لە بەر ئەوە سەرکەوتوو بوو کە ئێران دەوڵەتانی ژێردەستە و گەندەڵ و لاوازی سیاسی کردە ئامانج. ئامانجی سەرەکی ستراتیژی سەقامگیرکردن دەبێت پشتیوانی لە

سەرهەڵدانی حکوومەتی بەرپـرسیار و شەفـافـتر بێت کە دەسەڵاتی خۆی لە سەر بەکارهێنانی هێز، تـوانـای گەیانـدنی خۆشـگوزەرانی بە خەڵکەکەی و ئـامـادەیی بۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی دەستڕۆشتوویی ئێران دەرببڕێت. بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی ئاسایی دەیان ساڵە، دەرکەوت کە هەڵمەتێکی سەربازی ناوازە دەتوانێت پێگەی ناوچەیی ئێران بە شێوەیەکی بەرچاو دابەزێنێت. ئێستا، ئەمـریکا دەبێت ڕۆڵی خۆی ببینێت بۆ سەرکردایەتیکردنی هەوڵێکی مەدەنی جیاواز بۆ هەمیشەیی کردنی ئەم گۆڕانکارییانە.

---

سەرچاوە:

https://www.foreignaffairs.com/middle-east/narrow-path-new-middle-east

Dana Stroul

دەینا ستڕۆوڵ بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە لە پەیمانگای واشنگتن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک و لە فیورییەی 2021 تـا فیورییەی 2024 جێگری یاریدەدەری وەزیری بەرگـری ئەمـریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە.